ماوەی هەشت ڕۆژ مامۆستایانی سلێمانی مانیان لێ خواردن گرتووە و تێندروستی هێندێکیان خراپە



ماوەی هەشت ڕۆژ مامۆستایانی سلێمانی مانیان لێ خواردن گرتووە و تێندروستی هێندێکیان خراپە.

ئەمش لەکاتێکدا دوێنێ دووشەممە 3ـی شوباتی 2025، هەزاران هاوڵاتی و مامۆستای شار و شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی ڕوویان لەشاری سلێمانی کرد بۆ ئینجامدانی خۆپشاندانێکی فراوان دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هاوکات، ماوەی هەشت ڕۆژ چێندین مامۆستای نایازی لە پێندانی مووچەو شایستە دارایییەکانیان لە سلێمانی مانیان لێ خواردن گرتووە، مامۆستایانی نایازی دەڵێن، "سوورن لەسەر مانگرتن تاوەکو دەگەن بە ئامانجەکانیان".

لەلایەکی ترەوە، لە هەولێری پایتەخت، مامۆستا عەلی ڕەئووف مستەفا، نوێنەری گشتی مامۆستایانی گرێبەست لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا، دوای ئەوەی داوای کردبوو خۆپشاندان لە هەولێر و دەک دژی حکومەتی هەرێم بکەوێتە بەهەی پێندانی شایستە دارایییەکانیان.

لەکاتێکدا تا ئێمە سەشەممە 4ـی 2ـی 2025، حکومەتی کابینەی نۆیەمی ماوە بە دەڕکراوی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە دارایییەکانی مانگەکانی 12ـی 2024 و مانگی 1ی 2025 دابەشنەکردووە.

هەرچەندە نەچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرەمی کوردستان داوای لە مامەستایانی سلەمانی کرد کە واز لە خۆپشاندان و مانگگرتنیان بەنن و دەەت: "کۆشی مووچە چارەسەرکرا"، بەڵام هیچ کردارەکی جددی لەوبارەیەوە بە مامەستایانی سلەمانی و کوردستان نەکراوە و تا ئستا مامەستایان و فەرمانبەرانی هەرەمی کوردستان مووچە و شایستە دارایەکانی دوو مانگی ڕابردوویان وەرنەگرتووە.